نزیکە لەوەی کە خێرترین مۆڵکی مسوڵمان کۆمەڵێک مەڕوماڵات بێت کە بیانبات بەرەو بنی شاخەکان

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نزیکە لەوەی کە خێرترین مۆڵکی مسوڵمان کۆمەڵێک مەڕوماڵات بێت کە بیانبات بەرەو بنی شاخەکان وشوێنەکانی باران بارین؛ بۆ ئەوەی خۆی وئایندارییەکەی (دینداریەکەی) دەرباز بکات لە فیتنە وتاقیکردنەوەکان».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە فەزڵی خۆدوورخستنەوەی تێدایە لە ڕۆژانی فیتنە وتاقیکردنەوەدا مەگەر مرۆڤ یەکێک بێت لەوانەی کە توانای لابردنی فیتنەکانی هەبێت، ئەوا لێرەدا پێویستە هەوڵبدات لایان بدات جا لەوەیە فەرزی عەین بێت (لەسەری واجب بێت) یان فەرزی کیفایەت بێت (ئەگەر کۆمەڵێک پێی هەستان وئەنجامیاندا ئەوا واجبی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەسەر ئەم کەسە نامێنێت) ئەمیش بە پێی حاڵەت وشوێن، بەڵام ئەگەر ڕۆژانی فیتنە وتاقیکردنەوە نەبێت ئەوا زانایان ناکۆکن سەبارەت بە خۆدرووخستنەوە وتێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکی، کامیان باشترە؟ وئەوەی هەڵبژێردراوە: تێکەڵ بوون باشترە بۆ کەسێک کە ئەگەر زۆرینەی گومانی ئەوە بێت کە تووشی تاوان وگوناهەکان نابێت. (بۆ ئەوەی خۆی وئایندارییەکەی -دینداریەکەی- دەرباز بکات لە فیتنە وتاقیکردنەوەکان): واتا خۆی دەرباز دەکات لە ترسی ئەوەی دینداریەکەی تووشی فیتنە بێت یان دینداریەکەی لاواز بێت و وەکو پێویست دینداری نەکات، بۆیە داواکراوە کە مرۆڤ کۆچ بکات لە وڵاتە کافرەکانە بۆ وڵاتی مسوڵمانان (لە خاکی کوفرەوە بەرەو خاکی ئیسلام)، ولە وڵاتێکی کە تاوان وفاسقێتی وخراپەکاری تێیدا بڵاوە بەرەو وڵاتێک کە زۆرینەی خەڵکەکەی پابەندن ولەسەر ڕێگای ڕاستن (لەسەر ئیستیقامەتن)، ئەمیش دەگۆڕێت بە پێی گۆڕینی کات وخەڵکەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6829